# حزبی کۆمونیستی کرێکاری عیراق بەشداری لە ڤیستیڤالی ساڵانەی کریکاران لەشاری پاریس – فەرەنسا دەکات.

لەسەر داوای سەروکی بەریوەبەرایەتی ڤیستڤاڵی ساڵانەی کریکاران(Lutte Ouvriere ) لەشاری پاریسی فەرەنسا هاوری سەوسەن سەلیم کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەنوینەرایەتی ریکخراوی درەوەی ولات، بەشداری کرد. ئەم ڤیستڤالە کەلەرۆژانی 29-30-31 ئایار بەریوەچوو وەك نەریتیکی باوی کریکارانی فەرەنسایەو لەمسالدا زیاتر لە 20 هەراز کەس بەشداری تیاکرد، کەلەنیویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ئەحزابی کۆمۆنیست وچەپی فەرەنساو چەند وولاتی تر ئامادەیی ڤیستڤالەکەبوون. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق یەکیك لەو حیزبانەبووکە بەهاوکاری لەگەل "کەمپینی هاوپشتی لە خەلکی عیراق" چەندین چالاکی جۆراوجۆریان، بەمەبەستی راکیشانی هاوپشتی کریکارانی فەرەنساو ئەحزابی چەپی ئەم ولاتە، ئەنجام دا و هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەبیات و بلاوکراوەکانی حیزب، ریکخراوی ئازادی ژنان، یەکیتی بیکاران و شوراو نقابە کریکاری‌یەکانی عیراق.. بۆماوەی 3 رۆژ بلاوکرانەوە.

لەم ڤیستپالەدا هاوری سەوسەن سەلیم بەمەبەستی گەیاندنی سیاسەت ولیکدانەوەی حیزب لەسەر بارودۆخی ئیستای عیراق و بەدیلیك کەتەعبیرە لە خواست و ئومیدەکانی خەلکی عیراق قسەوباسی پیشکەش بە ئامادەبووان کرد و بەم جۆرەش ژمارەیەکی زۆر بوونەگویگری قسەکانی. لەمبارەشەوە هاوری سەوسەن رۆژی یەکەم لەیەکیك لەفۆرمەکانی ڤیستڤالەکەدا کە بۆ گروپی(CRI) سازدرابوو قسەوباسیکی بەناوی جەنگی تیرۆریستان لەعیراق پیشکەش بەئامادەبووانکرد و لەویدا رەخنەی لەو بۆچونە گرت کە شەری تیرۆرستانەی ئیسلامی سیاسی بەمقاوەمەتی خەلکی عیراق لیکدەدایەوەو هاوکات پێیداگری لەوەکرد کە ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی دوو قوتبی تیرۆریست ودژی ئینسانین و راستەوخۆ لەبەرامبەر خواست و ئارەزووەکانی خەلکدان. هەمان رۆژ لە فۆرمی (LO) هەمان باسی بۆ ژمارەیەکی‌تر لەکریکاران و نوینەرانی ئەحزابەکان دووپاتکردووە.

وەلەرۆژی دوەمدا ولە فۆرمی حزبی کۆمۆنیستی کوردستان –تورکیا لەبارەی ئەوزاعی سیاسی عیراق و مەسەلەی کوردو ریگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق قسەوباسیکی پیشکەشکرد. هەمان رۆژ لەفۆرمیکی هاوبەشی ( Worker Liberty) و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و( Iraq Solidarity) هاوری سەوسەن سەلیم هاوری لەگەل بەریزان مارتین لە (Worker Liberty) و نیکو لە کەمپینی هاوپشتی لەگەل خەلکی عیراق قسە و باسی‌یان پیشکەشکرد. وەلە رۆژی ئاخریشدا هاوری سەوسەن بەشداری پانیلیکی‌کرد کە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکارانی کوردستانەوە بەریخرابوو. ..

شایانی باسە هاوری سەوسەن لە هەموو ئەم چالاکی‌یانەدا پیداگری لە دەوری هاوپشتی جیهانی کریکاران و راوەستانی خەلکی ئازادیخوازی جیهان و ریکخراوە چەپەکان کرد کەوەك فاکتۆریك دەتوانی دەوری هەبی لە راوەستان و هیزگرتنی بەرەی رادیکال و سکولاریزم و ئینسانی لەعیراقدا و بۆئەمەش داوای لە ئامادەبووانکرد کەبەهەر شیوەیەك بۆیان دەکریت پشتیوانی مالی وسیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ریکخراوی ئازادی ژنان و یەکتی بیکاران و شوراکان بکەن ..

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**ریکخراوی درەوە**

**2004/6/6**